# چاڵی نەوت لێدەدەن ونرخی نەوت وسوتەمەنی زیاد دەکەن!

نوری بەشیر n.bashir3@tiscali.co.uk

هیشتا ئەنجامی تەواوی "هەلبژاردن" رانەگەیاندرابوو، حکومەتەکەی تالەبانی وجەعفەری هەوالی زیادکردنی 6 بەرابەر نرخی نەوت و سوتەمەنی یان وەك دیاریەك پیشکەش بەخەلکی عیراق کرد. ئەم هەواله لەکوردستانیش بووە مایەی نارەزایەتی و توورەیی خەلکی شارەکانی کوردستان وبۆ بەرگرتن پێی یەخیەی دەسەلاتەکانی یەکیتی وپارتیان پێگرت. بەلام وەك عادەتی هەمیشەیی ئەوە دەزگاکانی ئاسایشی ئەم حیزبانەبوون کەوتنە بەرگرتن بەسازدانی خۆپیشاندان و حەرەکەتی نارەزایەتی خەلك و ریگە پینەدانیان تا ئەوکاتەی بتوانن ملکەچیان بکەن بەبریاریك کەلەبەغداوە دەرچووە.

لەلایەکی تریشەوە وەك پیشەی هەمووکاتە سەرانی یەکیتی و پارتی و کاربەدەستانیان کەوتنە کۆبوونەوە و دەرکەوتن لە دەزگاکانی راگەیاندنەوەو دانی بەلینی ئەوەی کە ئەمانیش بەبریارەکە نارازین و داوا لەحکومەتی مەرکەزی بەغداد دەکەن کە ئەم بریارە رابگرن وەیا بەوجۆرە بیبەنە پیشەوە کە بەقازانجی خەلك بیت!!

بیگومان بریاری زیادکردنی نەوت و سوتەمەنی جگەلەوەی تەنها بۆ پرکردنەوەی بۆدجەو دەرامەتی دەولەت و کاربەدەستانی مشەخۆر و تالانچی حیزبەکان وسەرانیانە، لەسەر حسابی تەحەمولکردنی خەلکی هەژار و بیکارو برسی، لەکاتیکدا دەستی بۆ دەبری کە سەرماو سۆلەی زستان رووی کردۆتە خەلکی شارەکانی عیراق و بەتایبەتیش کوردستان کەناوچەیەکی شاخاویی و سەختەو ئەنجامەکەی بەچەند جار زیانبارتر دەبێ. بریاریکی ئاوا راستەخۆ تەنگ بەزۆربەی زۆری خەلکی بیدەرەتان و هەژاری کوردستان هەلدەچنیت و ئەوان لەگەل بەلایەکی تر بەرەورو دەکاتەوە. هەربۆیە ئەم بریارە ناکری بەهیچ تەبریرك پاساو بدری و راستەخۆ لەدژی خەلکە.

ئەوەی زانراوە کەیەکیك لەخواست و داواکاریەکانی خەلکی کوردستان لەنارەزایەتیەکانی پیش هەلبژاردندا دابینکردنی مەسەلەی سوتەمەنی بوو بۆ خەلکی، و سەرانی حزبەکانیش بۆ وەرگرتنی دەنگی خەلك و هینانیان بۆبەردەم صندوقەکان گفتی ئەوەیان پیدان کە کیشەی سوتەمەنی و نەبوونی نەوت چارەسەردەکەن، کەچی ئیستا هەموو هەولیکیان بووە بەوەی کە گوایە داوا لەدەسەلاتی مەرکەزی دەکەن بریارەکە بەقازانجی خەلکی بگونجینی!! ئەمە جگەلەوەی خودەربازکردنیکی ئاشکرایە لەخواست و داواکاری خەلك و هەوالەکردنی ئەم خەلکەیە بۆ نیو سەرماوسۆلەی زستانی ئەمسال و تەحەموولکردنی گرانییەکی تر. بەمانای ئەوەیە کەئەم حیزبانە خۆیان بە بەرپرسی ژیان و مەرگی خەلکی نازانن و پەیوەندییان پیوەی نییە. بەلام ئەمە هیشتا هەموو راستییەکان نییە.. یەکیتی وپارتی و دەسەلاتەکەیان کە تەواوی ئیمکانات و پارەوپولی خەلکیان قۆرغ کردەوە و لەولاشەوە ریگەیانداوە بەسەرمایەداران و کۆمپانیا بیانییەکان چالی نەوت هەلدەنەوە وگوایە ئەم سامانە نەتەوەییە دەخەنە ئیختیاری هەموو خەلکی کوردستانەوە، ئامادەنین مەسروفاتیك بۆ ژیانی شاری خەلك بخەنە ئەستۆی خۆیان و دەسەلاتەکانیان، و سوتەمەنی و نەوت بۆخەلکی دابین بکەن. ئەمانە کەخۆیان لەناز ونیعمەت و بەهەشتی فیرعەونیدا راگرتووە چ دەربەستیان هەیە بۆ خەلکیکی هەژار و کارمەند و کریکار و مامۆستایەك کەدوای چەند سەعات سەرفکردنی ژیانی خۆی بۆمالی چۆل و ساردی خۆی بگەریتەوە!! بەلام ئەوەی ئەم جەنابانە خەلکی کوردستان هەوالەی بریاری بەغداد دەکەن لەولاتیکدایە کەخۆی لەسەر دەریایەك لەنەوت و سوتەمەنی خەوتووە و رۆژانەش شانازی بەهەلدانەوەی چالە نەوتەکانەوە دەکەن ئەتوانی چ شتیك لەوە زیاتربیت خەلکی لەچاوەروانیدا رابگرن و لەسامان و ولاتەکەی خۆیان بیبەشیان بکەن!.

ئەمرۆ لەکوردستان کە سەدان ریکخراو و دەیان کۆمپانی بیانی بەپارە و پولیکی زۆرەوە خەریکی هەلدانەوەی چالی نەوت و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەن، ئەمرۆ کە بۆدجەی مانگانەو سالانەی ناوچەکانی کوردستان بەبریاری نەتەوە یەکگرتووەکان و بەپێی تەوافقات لەگەل حکومەتی بەغداد براوەتەوە، تەنانەت ئەوەی کە ئەمرۆ نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا روولەسەرە، هیچ شتیك لەوە سادەتر نابی کەئەگەر دەسەلاتداران بیانەویت نەوت و سوتەمەنی تەواو دابین بکەن و بەنرخیکی هەرزان بیخەنە دەسترەسی خەلکەوە. بەقەناعەتیکی زۆرسادەوە ئەگەر دەسەلاتداران و حیزبەکانی وەك یەکیتی وپارتی لەگیرفان پرکردن لیبگەرین و بۆماوەیەك فرسەت بەخەلکی بدەن تا دەستیان بە پیداویستییەکانی خۆیان رابگات، کاری پەیداکردنی سوتەمەنی و نەوت زۆر ساناو مومکینە. بەلام هەوالەکردنی خەلکی بۆ لای حکومەتی بەغدا چی لەوەزیاتر دەدات بەدەستەوە کەیەکیتی وپارتی گەرەکیانە جاریکی تر پێچە بەدەورە بکەن بەدەوری داواکارییەکانی خەلکەوە و سەرەنجامیش پشتگوێی بخەن. ئەم سیاسەت و هەلسوکەوتەش بەخواست و ژیانی خەلکی کوردستان دووبارە سەلیمینەری ئەوەیە کە ئەحزابی دەسەلاتداری ناسیونالیستی کورد تەنها بۆ قازانجی خۆیان روولەخەلکی دەکەن، دەنا ئامادەن ژیانی ئەوان و منالانی کوردستان بدەن بەدەم سەرماو سۆلەی زستان و گەرمای هاوینەوە و لەبیکارەبایی و سوتەمەنیدا رایانبگرن.

بەلام خەلکی کوردستان نابی ئەم کلاوەیان بچیتە سەر، یەکیتی وپارتی کە ئیدعای حکومەت و دەسەلات دەکەن، ئەرکیانە وەلام بەژیانی خەلك بدەنەوە. ئەوان کەبەرپرسی و حەرەسی چالەنەتەوتەکانن لەکوردستان و پارەوپول و دەرامەتی خەلکیان لەدەستدایە، دەبی سووتەمەنی و پیداویستییەکانی ژیانی خەلکی دابینبکەن. نابی ریگابدری خەلکی کوردستان هەوالەی بریاری حکومەتەکەی جەعفەری بکری، تا لەبەرسەرمای زستانی ئەمسالدا منالانیان توشی سەرماو نەخۆشی بن، بەلکو خەلکی کوردستان دەبی بۆژیانی خۆیان مشوربخۆن و بەهینانەمەیدانی نارەزایەتی جەماوەرییان بەرپەرچی ئەم بریارەبدەنەوە و یەخەی دەسەلاتداران لەکوردستان بگرن.

خەلكی كوردستان تەنیا لەریگای هینانە مەیدانی بزوتنەوەی نارەزایەتی وجەماوەری خۆیانەوە دەتوانن بەر بەبریاری زیادكردنی نرخی سووتەمەنی بگرن و ئەم بریارە هەلوەشیننەوە و ریگەنەدەن پەلاماریكی تر بۆسەر ئاستی ژیان و گوزەرانیان بەری بخری. ئەوان دەتوانن لەلایەك بەهۆی بەرینكردنەوە و لیك گریدانی ئاستەكانی نارەزایەتی و یەكگرتووكردن و سەراسەریكردنیانەوە و لەلایەكی تریشەوە كۆبوونەوە بەدەوری خواستەكانی وەك "هەلوەشانەوەی بریاری زیادكردنی نرخی نەوت و سوتەمەنی"، "دەسەلاتداران ئەركیانە سوتەمەنی ونەوت بۆخەلكی بەنرخێكی هەرزان دابین بكەن".."گرانیمان ناوی بەرزبوونەوەی ریژەی لە %500 موچەو كریمان دەوی"... دەتوانیَ چۆك بەدەسەلاتداران بداو خواستەكانیان بچەسپینن. لەمریگایەدا خەلكی شارەكانی كوردستان و لەپیشیانەوە لاوانی جەسور و دەستەكانی داكۆكی و ریكخراوە جەماوەرییەكان كە تەجروبەیان هەیە، دەتوانن فاكتۆری بنەرەتی جۆشدان و هەلخراندنی خەلكبن لەراستای هینانەكایەوەی بزوتنەوەیەكی جەماوەری نەك تەنها بۆ هەلوەشاندنەوەی بریاری زیادكردنی نرخی سوتەمەنی بەلكو بۆ دابینكردنی ئەو پیویستی یانە لەلایەن دەسەلاتدارانەوە.